# پێگەیشتن بە سوسیالیزم

**بەشی یەکەم**

**نووسینی: هێری مێگداف، فێرد مێگداف**
**ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**

## ١. داخوا سروشتی ئینسان گۆڕانی بەسەردا دێت؟



یەکێک لەو بەڵگانەی کە لە دژی سوسیالیزم دەیهێننەوە، ئەوەیە کە دەگوترێ سوسیالیزم لە گەڵ سروشتی ئینسان ناتەبایە. وتەی ئەوەڵ و ئاخریان ئەوەیە کە دەڵێن سروشتی ئینسان ناگۆڕدری! ئەم قسەیە لەوانەیە سەبارەت بە غەریزە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ وەک پێویستیی هەرەگرینگ بە خواردن، زاوزێ، گەڕان بە شوێن سەرپەنا و جلوبەرگ بۆ پاراستنی لەش، لەجێی خۆیدا بێ. بەڵام بۆ ,,سروشتی ئینسان" و نەگۆڕ بوونەکەی، شتێکی ناڕاست و بەراوەژۆیە. چونکا زۆرێک لەو شتانەی کە پێی دەوترێ ,,سروشتی ئینسان" بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتوە. ئەگەر لاپەرەکانی مێژوو هەڵدەینەوە دەبینین کاتێ قەوارەیەکی کۆنی کۆمەڵایەتی گۆڕدراوە، هەمان خەڵکی کۆمەڵگای کۆن خۆیان لەگەڵ قەوارەی نوێ گونجاندووە و گەلێک تایبەتمەندیی و ڕیسا و نەریتی خۆیان گۆڕاندووە. زیاتر لە سەدوپەنجا تا دووسەد هەزار ساڵ بەسەر تەمەنی مرۆڤی لەش پێگەیشتوی کامڵ تێدەپەڕێ، لەوکاتەوە و بەدرێژایی ئەم دەیان هەزار ساڵە و هەتا ئێستاش گەلێک قەوارە و باری کۆمەڵایەتی جیاواز و ڕێکخستنی کۆمەڵگای جۆربەجۆر سەریان هەڵداوە. لە بەرا زۆربەی ئەم کۆمەڵ و پێکهاتانە لەسەر بنەمای ڕاو و شکار دامەزرابوون، بژیویی خویان ڕاستەوخۆ لە سروشت وەردەگرت. تەنیا لەم حەوت هەزار ساڵەی ئەم دواییانەدا بوو کە سەروەختی کشتوکاڵیش دەستی پێکرد. ئەم کۆڕ وکۆمەڵ و پێکهاتانە قەوارەی جۆربەجۆری عەشیرە، خێڵ وتایفە، هۆز و نەتەوە، ڕێکخستنی گوند، دەوڵەت- شار، وڵات و ئیمپڕاتورییيان بە خۆوە دیتووە.

ئەو ڕەگەز و مرۆناسانەی کە لە کۆمەڵگا بەراییەکان ورد بونەتەوە، زۆر جۆری دیکە لەپەیوەندییەکان و «سروشتی ئینسان"یان بۆ دەرکەوتووە کە جیاوازن لەو پێوەندییە پڕ لە ڕقەبەریی خۆویستانەیەی هەنووکە و لەو هەرکەس بۆ خۆیی (تێکبەربونی گورگانە) کە تایبەتە بە سەردەمی سەرمایەداری. ئەودەم بە گشتی پێوەندییەکانی خەلک لەسەر ئەساسی یارمەتی دوولایەنە و دابەشکردنی سەروەت دامەزرا بوون، مامەڵەش هەبوە بەڵام نەک بۆ قازانجی تاکەکەسی، زەوی‌وزاری کشتوکاڵییش لە پاوانی تاکدا نەبوە و کڕین و فرۆشتنی لەسەر نەبووە، زۆرتر لە لایەن کوێخای ئاوایی دابەش دەکرانەوە، ئەو خواردەمەنییانەش کە گردەوەکۆیی دەکران لە جێژن و شاییەکانیاندا دەبەشرایەوە، هەڵبەتە شەر وکەڵەوەکێشی نێوان ملهوڕەکانیشیان بۆ مشە و پەلهاوێژی هەبووە. (ئەم کۆمەڵگایانە بەتەواوی شتێکی بێ‌عەیب نەبوون) بەڵام هەرچیچۆنێک بێت بایەخەکانیان، خووخدەی کۆمەڵایەتی و"سروشتی ئینسانی"یان ئەوە نەبووە کە ئەمرۆ هەیە.

,,کارل پۆلانی ساڵی ١٩٤٤ "Karl polany" لە کتێبی" گۆڕانکاری گەورە"دا دەنووسێ:« گەورەترین دەسکەوتی لێکۆڵینەوەکانی مرۆناسی و مێژوویی ئەم ساڵانەی دوایی ئەوەیە کە ئابوری کۆمەڵگاکانی پێشووی ئینسان بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە گرێ درابوون. مرۆکان بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان بە زەبری داگیرکاری و دەست بەسەراگرتنی کەلوپەلە مادییەکان نەپاراستووە، بەڵکو نەوعی هەڵسوکەوتیان بۆخۆی جۆرێک بووە کە پلە، ویست و دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی بپارێزێ».

ئابوری لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا بە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەژمێردرا، خەڵک ڕێگایان نەبوو لە مامەڵەکردندا قازانجێکیان دەستکەوێ. دەبێ ئەوەش بزاندرێ کە شارستانیەتەکانی ڕابردوو هاوچەشن و یەک دەست نەبوون، گەلێک قەوارە و ڕێکخستنی جۆربەجۆریان بەخۆوە دیتوە. هێشا زۆر لەو کاتانەوە تێنەپەڕیوە کە خەڵکی ڕەسەن و خۆجێیی ئەمریکای باکوور و

باشوور، بەر لە داگیرکران، بەجۆرێکی دیکە دەژیان. ئەوان ئەودەمی کە هێشتا نەکەوتبونە بەر پەلاماری لەشکری کۆچەرە ئوروپاییەکان نەریت، تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەکی گەلێک جیاوازیان هەبوو. ئوروپاییەکان دابارینە سەیان و بەزۆری زۆرداری شێوەکانی خۆیان بەسەردا سەپاندن. „کریستۆف کلۆمب“ پاش سەفەری یەکەمی خۆی بۆ ئەمریکا دەنوسێ:« هەر نەمتوانیوە تێبگەم کە ئەم خەڵکە ملک و ماڵی تایبەتییان هەبێ. چونکا وا دیتە بەرچاو کە هەرکەس هەرچی هەبێ لەگەڵ کەسانی دیکەدا دابەشی دەکات... ئەم خەڵکە کاسانێکی سادەن، سەبارەت بە هەرشتێک کە هەیانە هێندە دڵکراوەن کە ئێمەمانان هەتا بەچاوی خۆمان نەیبینین باوەڕ ناکەین... ئەگەر شتێکیان هەبێ و داوایان لێ بکەی قەت ناڵێن نا، بەپێچەوانە پڕ بەدڵ داوات لێدەکەن کە تۆش کەڵکی لێوەربگری، هەست دەکەی هیچ خەوشێکیان تێدانیە و دڵ و دەروونیان لەگەڵ تۆیە».

"ویلیام براندۆنW.Brandon " مێژوونانسی هەڵکەوتەی خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکا دەنوسێ: «خەڵکێکی زۆر لە گەڕیدەکانی ناو ئەمریکا، ئەوانەی کە دنیای ڕاستەقینەی خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکایان بەچاوی خۆیان دیتووە هەتا ساڵانێکی زۆر، پشتاوپشت باسی ئەو هەست و هەڵسوکەوتانەیان کردووە کە ئەو خەڵکە هەیانبووە. لەنێو ئەو لێکۆڵەرانەدا کەسانێکی زۆر بڕواپێکراوی وەک „ دووتر Duterre „ دەبینین کە لە ساڵی ١٩٥٠دا سەبارەت بە خەڵکە ڕەسەنەکەی ناوچەی کارائیب دەنوسێ: «هەموان لەگەڵ یەک بەرابەرن، کەس لە حەندای کەس خۆی بە گەورەتر یان بچوکتر نازانێ...کەس لە کەس دەوڵەمەند یان هەژارتر نیە. هەموان ویست و داخوازییەکانیان ئەوەندەیە کە بەڕاستی بەکەڵک، پێویست و گونجاو بێ، بەچاوی سوک و نەویست دەڕواننە هەرشتێکی ئیزافە و نایانەوێ». "مۆنتانی" لێکۆڵەرێکی دیکەیە و بۆخۆی چاوی بە سێ کەس لە خەڵکی خۆجێیی(بومی) کەوتووە کە لە ئاخروئۆخری سەدەی ١٦دا لە فەرانسە بوون. ئەو سێ کەسە خووخدە و هەستان و دانیشتنی ناو خێڵە خۆجێیەتییەکانیان بۆ „مۆنتانی“ گێڕاوەتەوە کە چۆن کەسەکان تەنیا بەپێی ئەرکی ئایینی، یان ڕاپەڕاندنی کار و فرمانەکانیان بەسەر دەستەی



جۆربەجۆردا دابەش دەبون. دوروست هەر وەک دەستەی هاوینی و جستانییەکانی خێڵە ئامریکاییەکانی باکوور. ئەم سێ کەسە زۆریان پێ‌سەیر بوو کە لە فەرانسەدا دەستە و تاقمی نەیار و دەستەویەخەی لێیە. ئەوان لەوە گەیشتبوون کە لە ناو ئێمەدا (فەرانسەییەکان) کەسانێک هەن کە فرە و فراوانیان هەیە و کەسانێکی دیکەش کە لە برسا دەمرن و لە بەر هەژاری و کەساسی لەڕادەبەدەر درگا بە درگا خەریکی سواڵکردنن. ئەمانە پییان سەیر بوو کە بۆچی ئەم هەژارانە شتی ئاوها قبوڵ دەکەن و بۆچی دەست ناخەنە بینەقاقای تاقمی یەکەم و ماڵەکانیان ئاور تێبەرنادەن؟.[1]

ئوروپاییەکانی نیشتەجێ لە یەکەم ١٣ ئەیالەتی ئەمریکا(کە دواتر بوو بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) دڵنیا بوون کە خۆیان لە هەمو سەرێکەوە لەو خەڵکە ڕەسەنەی ئامریکا، کە بە „وەحشی“یان ناو دەبردن، لەسەرترن. بڵا چاوێک بەسەر جۆری ژیانی خێڵی“ ئیرۆکوازJroquais „ دا بخشێنین. لەم خێڵەدا دیمۆکراسی وجودی هەبوو، بەڵام نەک لە جۆری حیزبە سیاسییەکان، بەڵکو بە شێوەی هاوبەشیکردنی خەڵک لە بڕیارەکان و لابردنی بەرپرسانی نەشیاو. ژنان شان بە شانی پیاوان بەشدارییان لە دەنگداندا دەکرد و بەرپرسیارەتی تایبەتییان لە هەڵسوڕانی جۆربەجۆری کۆمەڵایەتیدا هەبوو. کەچی هەر ئەم سپی پێستە کۆچەر و خاوەن „شارستانیەتانە“ کەڵکیان لە خزمەتکاری سپی پێست و کۆیلەی بە ڕەچەڵەک ئەفریقایی وەردەگرت، مافەکانی ژن لەلایان زۆر بەرتەسک بوو. تازە پاش ٢٥٠ساڵ تێپەڕبوون بەسەر هاتنی کۆچەرە ئوروپاییەکاندا بوو کە کۆیلەکان „ئازاد“ کران و دەبوا ٤٠٠ ساڵ تێبپەڕێ هەتا مافی دەنگدان بە ژنان بدرێ!

پێشتر بە کورتی ئیشارەمان بەو کۆمەڵگایانە کرد کە لەناویاندا ئابوری سەر بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوو. پاش هەڵدان و گەشەی سەرمایەداری و پاش زاڵبوونی خاوەنیەتی تایبەتی، پوڵ و بازرگانی بە مەبەستی قازانجی تاکە کەسی، ئەم وەزعە گۆڕانی بەرچاوی بەسەرداهات و

1 - William Brandon: The Indians in American Culture.( New York: Mc Graw-Hill 1974) 4,6,242

بەپێچەوانە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوون بە کلکەی هێزە باڵادەستەکانی ئابوریی سەرمایەداری. ,,ئەرەستو" مەترسییەکانی داهاتووی پێشبینی کردبوو، چونکا لەو سەردەمانەشدا هێندێک ماک (عنصر) کە دواتر بوون بە سەرمایەداری لە گۆڕێدا هەبوون. ناوبراو لە کتێبی" سیاسەت"دا دەنوسێ:

« هەر بەو جۆرەی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد سەروەت بە دووجۆر دێتە دەست. یەکەم بەروبوی کار و چالاکی و بەڕێوەبردنی ناو خێزانە، ئەمە هەم پێویستە و هەم شتێکی شیاوە. دوهەم سەروەتێکە کە لە ئەنجامی سات وسەودا کۆ دەبێتەوە و بەحەق جێگەی پلار و تانەیە، چونکا ناسروشتییە، چونکا شێوەی لێکێشانەوەی کەسێکە لە کەسێکیتر. سوو سەلەم جاڕزترین شێوەی ئەم جۆرە سەروەت کۆکردنەوەیە، چونکا داهاتەکەی لە گۆڕینەوەی پوڵ بە پوڵی زێدەتر بە دەست دێت، نەک ئامانجە سروشتییەکەی.... ئامانجی پوڵ ئەوە بوو کە وەک کەرەسەیەکی ئاڵوگۆر پێکردنی کەلوپەل بەکار بێت ,نەک ئەوەی لە رێگای سووسەلەمەوە زیاد بکات. دەستەواژەی ,,ربح" مانای ئەوەویە کە پول، پۆلی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە بەکاری دەبەن چونکا هەر لەسەر بنجی خۆی شین دەبێتەوە»

هەرچەند ئەرەستو کۆیلەداریی بە شتێکی سروشتی دەهاتە بەرچاو ، بەڵام قازانج کێشانەوە لە رێگای فرۆتن یان پوڵ بە سەلەم دانی بە شتێکی ناسروشتی دەزانی. ئەمرۆ بارودۆخەکە هەڵگەڕاوەتەوە. زۆربەی خەڵک کۆیلەداریی بە ناسروشتی دەزانن و فرۆتن بە مەبەستی قازانج و سووسەلەم بە سروشتی ترین چالاکییە ئابورییەکانی مرۆڤ دەژمێرن.

چەمکی" سروشتی مرۆڤ" و مانا و مەبەستەکەی لە ئەساسدا بۆخۆشی جێگەی پرسیار و ڕامانە. چونکا زانیارییەکان، هەڵسوکەوت، نەریت، ڕاهاتن و بایەخەکانی ئینسان یەک دەست نین و لە ژێر شوێنەواری گۆڕانکاری مێژوویی و فەرهەنگی هەرکۆمەڵگایەک دان. لەم ڕوانگەوە نەک هەر سروشتی مرۆڤ بەڵکو بیرو باوەرەکانیش کە باڵیان بەسەر بەشی جۆربەجۆری سروشتی ئینساندا کێشاوە، بۆخۆیان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر توشی گۆڕان هاتون. بەشان و شکۆ نیشاندانی ,,پوڵ دەرهێنان" و ملدان بە هەموو ئەو کردەوانەی



کە بۆ ئەم کارە پێویستن، هەروەها سازکردن و دنەدانی خووخدە و نەریتی پێویست بۆ پوڵ دەرهێنان- ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە لای"ئەرەستو"شتێکی ناسروشتی بوون- ئێستا بۆتە بەشێک لە رێ وشوێن و ریسا عادەتییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری.

بە درێژایی ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و لەوانە لە ڕابردویەکی نەک زۆر دووریش دەرک و لیتێگەیشتنی زۆرێک لە خاوەنڕایان لەسەر هەندێک تایبەتمەندی کە ئەودەم بە بەشێک لە چەمکە ئاشکراکانی ,,سروشتی مرۆڤ" ناویان دەبردن، وەک خۆی نەماوەتەوە. بۆ نمونە زەمانێک دەوترا ژنان ناتوانن هەندێک کار و ئەرک ڕاپەڕێنن، شتێکی نائاسایی بووکە ژنێک ببێتە دوکتور، چونکا وا بیردەکرایەوە کە ژنان بە گوێرەی پێویست ئەو لێهاتووییەیان نیە وناتوانن فێریبن و بەکاری بێنن. ئەمەشیان بە بەشێک لە ,,سروشتی مرۆڤ" ناودەبرد. بەڵام ئێستا دیتنی ژنی دوکتور زۆر ئاساییە و زۆرجار زۆربەی خوێندکارانی زانکۆکانی پزشکی ژنن. ,,لارێنس سامێرز" بەڕێوەبەری زانستگای "هاروارد" ماوەیەک لەمەوبەر وتی: « ژنان ناتوانن لە بەشی مەتەماتیک و زانستەکانیدا کارێکی زەق و بەرچاو بکەن، ڕەنگە ئەمە بەشێک بێ لە سروشتی مرۆڤ». ئەم قسە گەوجانەیە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە هێشتاش زۆر بە توندی دەمارگیریی ئیدئۆلۆژیک لەسەر سروشتی مرۆڤ لەگۆرێ دایە. ئێستا دەخوازرێ لە ڕێگای جیاوازییە ژنیتیکەکان تەنانەت لەو بوارانەشدا کە بە هیچ لەونێک نەسەلماون، ئاوی بەناو زانستی وەبەر ئەو دارە پۆلکیوەدا بکەن. ئاشکرایە کە هەمو ئەو شتانەی کە وەک سروشتی مرۆڤ ناوی لێ دەبرێ لەڕاستیدا هیچ شتێک نین جگە لە ئاکامی زنجیرە ڕوانگە و دەمارگیرییەکی وشک کە لە نەریتی کۆمەڵگایەکی دیاری کراوەوە سەرچاوە دەگرێ.

نیزامی سەرمایەداری تەمەنێکی ٥٠٠ ساڵەی هەیە. ٢٥٠ ساڵی یەکەم سەرمایەداری بازرگانی و ٢٥٠ ساڵی ئەم دواییانەش سەرمایەداری پیشەیی. ئەم ماوەیە لەسەر یەک تەنیا لەسەدا ٠/٤ی تەمەنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پڕکردۆتەوە (لە زۆر شوێنی دنیا تەمەنێکی زۆر لەمە کەمتریشی هەیە، چونکا

بەدوای پەل هاوێژی ئوروپا بوو کە ئەو شوێنانە کەوتنە ناو بازنەی نیزامی سەرمایەدارییەوە). لەم ماوە کورتەی مێژووی مرۆڤایەتیدا بە چاوی سووک دەڕوانرێتە سروشت و نەریتی هەرەوەزی، هاریکاری و هاورێیەتی دۆستانە و هاوبەشیەتی ئینسانی کە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤن، بەڵام لە پێناو درێژەدان بە ژیان و بەرەوپێشچونی کۆمەڵگایەک کە لەسەر بنەمای کەڵەکەبونی سەرمایە ڕاوەستاوە، بەر بە ململانێی هێرش بەرانە بەرەڵا کراوە و داوێنی پێدەدرێ. بەمجۆرە شان بە شانی بەرەوپێشچونی سەرمایەداری جۆرە نەریت و لیتیگەیشتنیک هەڵیداوە کە لە بازنەی چاوبرسیەتی، فەردگەرایی و هەرکەس بۆخۆیی، چەوساندنەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ و ڕقەبەریدا دەخولێتەوە. ئەم ڕقەبەریە گشت لایەنێکی ژیانی گرتۆتەوە. رقەبەری لەنێوان بەشە جۆربەجۆرەکانی شیرکەتێک، لەنێوان شیرکەتەکانی وڵاتانی جۆربەجۆر و هەروەها لە نێوان کرێکاران بۆ بەدەست هێنانی کار و... ئەم نەریتە خۆی دەخزێنێتە قووڵایی ناخی کەسەکانەوە. مەسرەفکردن لایەنێکی دیکەی نەریتی سەرمایەدارییە کە لە دنەدانی بێ سنور بۆ کرینی هەرچی زیاتری کەل و پەلێک کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پێداویستییەکانی ئینسان یان بەختەوەری مرۆڤەوە نیە ڕەنگ دەداتەوە. „ژوزف شۆپیتر“ی لیکۆڵەر چەند دە ساڵ لەوەپێش ئەم بابەتەی ئاوا لێکداوەتەوە «...گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەرکەلو پەلەکاندا هاتووە،زۆربەی ئەم گۆڕانانە لە لایەن بەرهەم هێنەرەکانەوە بەسەر مەسرەفکارەکاندا سەپاون. ئەم خەڵکە جاروبار ملی پێ نادەن بەڵام لە ڕێگای فرت و فێڵی ڕەوانناسانە و تەبلیغاتیدا (رکلامەیی) بەرۆکیان بەرنادەن، ڕاپاندەکێشن و فێریان دەکەن» [٢]

ئەگەر سروشت، پێوەندییەکان و بەهاکانی مرۆڤ لە ڕابردودا گۆڕدراون؟، ئاشکرایە کە دیسانیش دەکرێ گۆڕانیان بەسەردا بێتەوە. ئەو بۆچونەی کە دەڵێ سروشتی ئینسان شتێکی بەستەڵەکی نەگۆڕە! تەنیا بیانویەکی دەستی لایەنگرانی نیزامی ئێستان و هەوڵ دەدەن پێمان بسەلمێنن

[٢] - چەرخەکانی ئابوری، ساڵی ١٩٣٦ بەرگی ٢ لاپەرەی٧٣.



کە ئەم نیزامەش قابیلی گۆڕان نیە."جان دیۆئی" لە وتارێکدا و لە ژێر ناوی „سروشتی ئینسان“ نوسیویەتی: [٣]

« باس و مشتومڕەکانی ئێستا لە نێوان ئەوانەی ئیدعا دەکەن „سروشتی مرۆڤ“ لەئەساسدا شتێکی نەگۆڕە و ئەوانەی کە باوەڕیان بە گۆڕانکاری قوڵ لە بنەڕەتەکانی“سروشتی مرۆڤ“هەیە، لە ڕاستیدا کێشەیەکە کە لەسەر تەوەرەی داهاتووی شەڕ و داهاتوی نیزامی ئابوریی ڕقەبەریی لەپێناو قازانجی تاکەکەسیدا دەگەڕێ. لە ڕاستیدا و بە بێ دەمارگرژی دەکرێ بڵێین کە هەم زانستی مرۆڤ ناسی و هەم مێژووش پاڵپشتی ئەوانەیە کە خوازیاری گۆڕانی ئەم ناوەندانەن (ناوەندەکانی شەڕ و سیستەمی ڕقەبەری لەسەر قازانجی تاکەکەس). دەکرێ بیسەلمێنین کە بەشێکی زۆر لەو کۆسپ و لەمپەرانەی سەر ڕێگای گۆڕانکاری لەم وەزعە کە بە „سروشتی مرۆڤ“ی دەبەستنەوە لە ڕاستیدا بە هۆی نەکرکاری ناوەندەکان و ویست و ئیرادەی دڵخوازانەی چینە دەسەڵاتدارەکانە کە دەیانەوێ ئەم باروزروفە هەروا بمێنێتەوە و بیپارێزن.»

## ٢. بۆچی سەرمایەداری نەبێ؟

دژایەتیکردنی سەرمایەداری لەسەر چەند بنەما و فاکتی جۆربەجۆر ڕاوەستاوە. یەکەم ئەوەی کە سەرمایەداری نیزامێکە کە دەبێ پەل بهاوێژێ و پەرەبستێنێ و ئەمەش دەبێتە مەکۆی شەڕی داگیرکاریی و ئیمپریالیستی و زاڵبوونی دەسەڵاتی ئابوری بەسەر وڵاتانی هەژار. ئەم نیزامە بەکردەوە چ لە ئاستی نەتەوەیی و چ لە بەستێنی نێونەتەوەییدا هاوکات لەگەڵ یەک سەروەت و سامانی مەزن لە لایەک و هەژاری بەربەرین لە لایەکی دیکە دەخولقێنێ. یەکێک لە ئەنجامەکانی باڵادەستی و دەسەڵاتی ئەم نیزامە ئەوەیە کە بەشێکی گەورەی مرۆڤایەتی ڕاکێشی ژیانی ژێردەستەیی و داگیرکاری دەکرێن. سەرمایەداری بە پەرەئەستاندنی خۆی سروشتیش بەروە کاولبوون دەبات،

[٣] - ئەم وتارەی بۆ "دایرەالمعارف"ی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی ١٩٣٢دا نووسیوە.

چونكا كەڵەكە كردنی سەرمایە تاقە هەوێنی هاندەر و یەكەم ئامانج و مەبەستیەتی. مەیلی زاتی و دەرونی ئەم نیزامە دوایی هێنان و براندنەوەی هەمو سەرچاوەكانی سروشتە (چ ئەوانەیان كە دەژیەنەوە و چ ئەوانەش كە لە گەڕانەوە نەهاتوون) بە بێ لەبەرچاو گرتنی سنووردداربوونی ئەو سەرچاوانە. جاری وایە دەكرێ بەری ئاسەواری كاولكاریەكانی ئەم نیزامە بگیردرێ، بەڵام ئەگەر سەرمایەدارەكان هەست بكەن ئەم بەرگرتنە دەبێتە لەمپەرێك لەسەر ڕێگای كەڵەكەكردنی سەرمایە، ئەوا پێشی پێدەگرن و ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان بۆ گەڕانەوە بە سەرمایەداری ئاوسارپساویان بكەوێتەوە دەست، ئەو هەنگاوە وردانەش پەک دەخەن.

## ١. پەلهاوێژی زات و هەناوی سەرمایەدارییە.

له سەرەتاكانی سەردەمی گەشەی سەرمایەداریی بازرگانیی، سات وسەودا بۆ قازانج و دەرهێنانی كانزای بەنرخ، هەوێنی سەرەكی هاندان لە ناوەندەكانی ئەو سەرمایەدارییەدا بوون، كە تازەبەخۆدا دەهاتن. ئەم ڕەوتە لە لایەک كەڵەكەبونی سەرمایە لە دەست بازرگان و خاوەن بانكەكانی وڵاتانی بەهێزی لێكەوتەوە، لە لایەكی دیكەش بوو بە هۆی كێشمەكێشی نێوان تاقمە كۆمەڵایەتییەكان و خۆشبونی ئاگری شەڕ لە نێوان وڵاتانی جۆربەجۆر بە مەبەستی دەست ڕاگەیشتنیان بە دەسەڵات و سەروەت و سامانی پتر. بازرگانی و تەجارەت هەتا ئاخروئۆخری سەدەی ١٥ زیاتر بە ڕێگەوبانی زەمینی دەچووە پێش، دەریا و ئۆقیانوسەكان كۆسپ بوون لەسەر ڕێگای هاموشۆی نێوان بازرگانیی ئۆروپاییەكان لەگەڵ وڵاتانی دیكەی دنیا. دەست پیراگەیشتنی ئەم وڵاتانە بە تۆپ و جبەخانەی قورس، كەلوپەلی دەریاوانی، كەشتی و پاپۆڕی گەورەی ئۆقیانوس پێو (كە توانای ڕاگوێزانی ژمارەیەكی زۆر سەرباز و تۆپ و جبەخانەی هەبێ) ڕێگای گەڕان و سەنگ و سوژنكردنی ئۆقیانوسەكانی بۆ خۆش دەكردن. „سی پۆلا“ دەڵێ:

« ئۆروپاییەكان هەرخێرا [تكنۆلۆژی نیزامی، تۆپخانەی دەریایی، پاپۆڕی ئۆقیانوس پێوی خۆیان] بەر لە وڵاتانی دیكە پەرەپێدا. بەمجۆرە



ناهاوسەنگی نێوان ئۆروپا و بەشەكانی دیكەی دنیا بە بەردەوامی چووەسەر.»[4]

ساتوسەودای پڕ قازانج بە شتی وەک زەردەچەوە و بەهارات و دەرهاوردەی كانزایی هاندەری سەرەتایی ئۆروپاییەكان بوو بۆ سەفەری دەریایی و گەڕان بە شوێن وڵاتانی دەرەكی و داگیركردنیان. ئۆروپاییەكان دواتر پاش چەند دە ساڵێک بە تەواوی پەلوپۆیان بەسەر هەموو ئۆقیانوسەكاندا بڵاوكردەوە و دەستیان بە سەر بەشێكی زۆر لە وڵاتانی دنیادا گرت و پێیان لیداچەقاند. ئۆروپاییەكان خێرا دەستیان كرد بە دامەزراندنی پێگەی بچوک كە هەندێكیان دەیانتونی زۆر بەخێرایی پەرەبستێنێ، بڵاوكردنەوەی میكرۆبی ئاسیایی- ئۆروپاییش هۆكارێكی كاریگەر بوو بۆ تەفروتونا بوونی خەڵكی خۆجێیی ئەو ناوچانە، چونكا نەیاندەتوانی خۆی لەبەردا ڕابگرن. هەرچەند ئۆروپاییەكان لە ئاخرو ئۆخری سەدەی ١٥وە شاڵاوی خۆیان بۆسەر وڵاتانیتر دەست پێكردبوو، بەڵام بۆ ئاسانكاری زیاتر ساڵی ١٥٠٠ وەک دەسپێكی ئەم شاڵاوانە و سەرەتای دەورانی مامەڵەگەری (مركانتلیسم) ناو دەبرێ. لەم دەورانەوە سەرمایەداری بازرگانیی هاتە مەیدان و بازاڕی جیهانی، كۆبونەوەی زۆروزەبەندی سەروەت و دەسپێكی سەردەمی داگیركاریی(استعمار) خولقاند. سەروەتی بەراییش زیاتر لەسەر بنەمای بازرگانی گشتی، زێڕ و ئاڵتوونی بە تاڵان براوی ئەفریقا هاتبوە دەست. ئەم شەپۆلە بەشێكی یەكجار گەورەی دنیای ئەودیوو ڕوبارەكانی دەگرتەوە و شوێنی لەسەر دادەنان. لەم ڕەوتەدا خەڵكی ڕەسەنی ئەم وڵاتانە فەوتان، ئەوەی كوژرا كوژرا، ئەوەی مایەوە و كەوتە بەردەستان خرایەژێر نیری كۆیلەتی و ژمارەیەكی یەكجار زۆریش بە پەتای نەخۆشی كەوتنە سەر عەرز. گیان دەربازكراوەكانیش تەریک خرانەوە و لە سووچێک ئاخندران. ڕایەلی پێوەندی ئۆروپاییەكان لەگەڵ خەڵكی ئەفریقا بەدرێژایی سەدان ساڵ لەسەر

4- C.H.Clppola,Gus and Salis in Early phase of European Expansion 1400-1700 (Collin 1965)

بازرگانیی بە کۆیلە دامەزرابوو. قازانج و داهاتی ئەم مامەڵەگەریە زیاتر بەر بریتانیا دەکەوت.

سەرمایەی بازرگانی بۆخۆی بوو بە هەوێنی دەست پێکردنی بازاری جیهانی و یارمەتی بە کەڵەکەبونی سەرمایە گەیاند. ئەمەش لە ناوەراستەکانی سەدەی ١٨دا شۆڕشی پیشەیی بە شوین خۆیدا هێنا. بەمجۆرە نزیکەی ٢٥٠ ساڵ لەمەوبەر جۆرە کۆمەڵگایەکی دیکە ـ کۆمەڵگای سەرمایەداریی پیشەیی ـ لە ئەوروپاوە سەری هەڵدا و دواتر باڵی بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دنیادا کێشا. تانوپۆی ئەم سەرمایەدارییە بەوە چندراوە کە هەردەم خۆی بڵاو بکاتەوە، مەودای دەسەڵاتی خۆی بەرینتر بکا و وڵاتانی دیکە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ناوەڕۆکی ئیمپریالیسمیش هەر ئەمەیە.

لە سەردەمە جۆربەجۆرەکاندا زۆر هێزی گرینگ هەبوون کە مەیلی پەلوپۆ هاویشتنیان خولقاندووە، لەهەر سەردەمێکدا یەکێک لەم هێزانە باڵادەست بوون. بەڵام ئەم هێزانە بەگشتی جیا لەیەکتر نەبوون، هەمووی هەڵقوڵاو و زادی جۆری کارکردی سەرمایەدارییە.

کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵاتانی‌تر(لە کێشمەکێشی نێوان سەرمایەدارەکان یان وڵاتانی دیکە) بۆ دابینکردنی سەرچاوە و کەرەسە پێویست و سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان ـ هەر لە لۆکە و بۆکسیتەوە بگرە هەتا نەوت و مس وهتد ـ پێویستە. شەڕی ئەمریکا لە دژی عێراق و هەوڵدان بۆ خۆتێخزاندن و شوێندانان لەسەر سیاسەت و ئابوری ئەو وڵاتە و هەموو ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەراست، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ستراتیژیی کۆنترۆلکردنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، کە لەسەدا ٦٥ی هەموو سەرچاوە وزەییەکانی دنیای تێدا کۆبۆتەوە، دەرک ناکرێ. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هەرئێستا زیاتر لە نیوەی ئەو نەوتەی کە پێویستییەتی، هەروەها سەد لە سەدی ١٧ سەرچاوەی کانزایی لە وڵاتانی دیکەوە دەهێنێت، بۆ ژمارەیەکی گەلێک زۆرتریش هەر چاوی لە وڵاتانی‌ترە.

هەوڵی بەردەوام و هەمیشەیی بۆ وەگەڕخستنەوەی قازانجی بەدەستهاتوو، بە مەبەستی کەڵەکەکردنی هەرچی زیاتری سەرمایە (کە بۆخۆی



هاندەری سەرەکی سەرمایەی پیشەسازییە)، هەروەها بەرهەمهێنانی زیاتر بۆ ململانێکردن لە گەڵ شیرکەتەکانی‌تر و بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی زۆرتر لە بازار، ئەوە دەخوازێ کە سەرمایەدارەکان هەر ڕۆژ کەلوپەلی تازەتر بەرهەم بێنن و بازارەکانیان پەرەپێبدەن. کاتێ بازاڕە ناوخۆییەکان دارماڵ بێ یان خەریکە دەگاتە ئەو ڕادەیە، ئەودەم دیاردەی دابەزینی ئابوری سەرهەڵدەدات. جا سەرمایەدارەکان بۆ بەرگرتن لەم دابەزینە بەشوێن بازاری دەرەکی و دەرفەتی تازەی قازانج قۆستنەوە لەم بازاڕانەدا دەگەڕێن. هۆی سەرەکی داخزان و مەیلی ئابوری سەرمایەداری بەرەو دابەزین ئەوەیە کە بەردەوام وەگەڕخستنەوەی سەرمایە و بەرهەمی نوێ وەپێش داوا(تقاضا)ی ڕاستەقینە و گونجاوی ناو بازاڕ دەکەوێتەوە. مارکس ئەم تایبەتمەندییەی نیزامی سەرمایەداریی دەسنیشان کرد و لەم بارەوە دەنووسێ: «ئەگەر وەگەڕخستنەوەی سەرمایەی کەڵەکەبووی نوێ لەبەر نەبوونی جێگایەک بۆ هەڵسوڕان یان فرەبوونی بەرهەم لەو بەشانە و بڵاوکردنەوەی لەڕادەبەدەری پارەی بەقەرز تووشی گرفت و ئاستەنگ هات، نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم سەرمایە زۆروزەبەند و قەرزوەرگرانە(وام پذیر) بۆخۆیان بوونەتە ئاستەنگ لە بەرهەمی سەرمایەداریدا.... ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە یاساکانی خۆبەرفراوان کردنەوەی سەرمایەدا بە ڕاستی کۆسپێکی زاتی و دەروونی وجودی هەیە، واتە لەسەر ڕێگای بەدیهاتنی سەرمایە وەک سەرمایە ئاستەنگ هەیە.»[5]

وەگەڕخستنی سەرمایە لە دەرەوە دەرفەتی کەڵکوەرگرتن لە کاری هەرزان و کۆسپی کەمتر لەسەر ڕێگای پاراستنی ژینگە و لە ئەنجامدا بەرهەمهێنانی بەقازانجتر بۆ بازارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەخولقێنێ. وەگەرخستنی سەرمایە بە شێوەی جۆربەجۆر لە دەرەوەی وڵات بوارێک بۆ شیرکەت و کۆنسێرنەکان دەڕەخسێنێ تا بتوانن لە ڕێگای گونجاندنی داهات و

[5]- کاپیتاڵ، بەرگی ٣ لاپەرەی ٥٠٧.

خەرجیی لقە جۆربەجۆرەکانیان لە سەرانسەری دنیادا ئاستی سەرانە و ماڵیاتێکی کە دەبێ بیدەن هەتا کەمترین ڕادە دابەزێنن.

لە قۆناغی سەرمایەداریی پاوانکاردا (انحصاری) کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستی پێکرد کێشمەکێشی نێوان ئینحسارە گەورەکان بۆ وەرگرتنی بەشێکی زۆرتر لە بازارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەورێکی پاڵپێوەنەری بۆ خۆگەورە کردنەوە و پەل هاویشتن گێڕا. شیرکەتەکان بۆ بەرەوپێش بردنی کارێکی ئەوها پێویستییان بە دابین بوونی دارایی لە دەرەوەی شیرکەتەکەیان هەیە (بانکەکان ئەو نەخشە دەگێڕن). بەشێکی یەکجار زۆری زیادە سەرمایەی بەرهەم هاتوو لە کاروباری نابەرهەم هێنەرانەی وەک رکلام و بڕینەوەی مانگانەی زۆر و سەرسووڕهێنەر بۆ بەڕێوەبەرانی پلەبەرز تەرخان دەکرێ. بۆ نمونە داهاتی دوو حەوتووی بەڕێوەبەری شیرکەتی"واڵ مارت" بەقەدەر حەقدەستی هەموو تەمەنی کرێکارێکی ئاسایی ئەو شیرکەتەیە کە وەری دەگرێ.[٦] کەوابوو هەرچەند شیرکرتەکان دەتوانن لەناوخۆدا سەرمایە بەرهەم بێنن، بەڵام بۆ بەرفراوانکردنەوەی بەرهەم و قووتدانی شیرکەتەکانیتر زۆرتر پێویستییان بە سەرمایە لە دەرەوە هەیە. ئەم شیرکەتانە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بانکەکان و سەرمایەدانەرانی ناو بۆرس و بەرگەی شەریکە بەشی دەبێ نیشانی بدەن کە توانای خۆبەرین کردنەوەیان هەیە.

سەرەنجام بانکەکانی وڵاتانی سەرەکی سەرمایەداریش بە شاڵاوی خۆیان بۆسەر وڵاتانی پەراوێز[٧] یارمەتی دەدەن بە وەگەڕخستنی سەرمایەی دەرەکی و پشتی سەرمایەدارەکانی ئەو وڵاتانە و هەواڵبەندییەکانیان لە ناو

---

[٦]- "باڵ کروگمان"- نیۆیۆرک تایمز- ١٣ی مانگی مای٢٠٠٥

[٧]- نووسەر زۆرجار لە پێناسەکردنی سیمای وڵاتانی ئەمرۆی سەرمایەداریدا دوو دەستەواژەی وڵاتانی دایک، ناوەند(مرکز) و وڵاتانی قەراغ، پەراوێز و دەوروبەر (محیطی،پیرامونی)ی بەکار بردووە. دیارە یەکەمیان وڵاتانی سەرەکی و بەرەوپێش چووی سەرمایەداری مەبەستە و دووهەمیش باقی وڵاتانی ناپێشکەوتەی سەرمایەداری- هەژار و "دنیای سێهەم"- دەگرێتەوە.(و)



بازنەی دەسەڵاتی ناوخۆدا دەگرن و ڕێگای راگوێزانی قازانجەکانیان بۆ وڵاتی „دایک“ خۆش دەکەن. هەروەها بانکەکانی وڵاتانی ناوەند قازانجیان لەوەدایە کە قەرز بدەن بە بنکە و کەرت و ناوەندە گشتی و تایبەتییەکانی وڵاتانی پەراوێز، چونکا هەرچی بارستایی ئەم قەرزانە بچێتە سەر هێندەش ئاستی پێوەلکاوی و بەستراوەیی ئەو وڵاتانە بە وڵاتانی ناوەند دەچێتە سەر، ئەمە لە لایەک لە لایەکیدیکەش سووی ئەم قەرزانە و تەنانەت بەشێکی قەرزەکان کە بەقەدەر سەرجەمی ئەو قەرزەیە کە سەرەتا داویانە، خێرا دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی ناوەند، پاشانیش وڵاتانی هەناسەساردی قوربانی کراو ناچاردەکەن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سووی قەرزە خوراوەکانیان ببژێرن.

کۆنترۆلی داگیرکارانە، شێوازێک بوو کە ناوەندە تازە سەردەرـ هاتووەکانی سەرمایەداریی گرتیانە بەر، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر سەرچاوەکانی دەرەوە و بازارەکانیان دەستەبەر بکەن. پەل هاویشتنی ئەم ناوەندانە و بەرین بوونەوەی هێزەکانی پێشکەوتەی پیشەیی و نیزامی، دەسەڵاتی زیاتر و زاڵبوونی ئاشکرا بەسەر زۆربەی دنیای لێکەوتەوە. لە ساڵی ١٩١٤دا نزیکەی ٨٥ لەسەدی گۆی زەوی لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکارانە (استعماری)ی وڵاتانی دەوڵەمەندی پیشەییدا بوون. (ئەمرۆکە هەندێک کەسان وا قسە لە جیهانی بوون دەکەن کە گوایە دەبێ دیاردەیەکی تازە بێ و نەک شێوەیەکی نوێی شاڵاوی ئیمپریالیستی). دوو شەڕی گەورەی جیهانی سەدەی٢٠، لە پلەی یەکەمدا شەڕی نێوان خاوەن دەسەڵاتە گەورەکانی دنیا بوو بۆ دابەشکردنەوەی سەرلە نوێی جیهان. خەبات و بەربەرەکانێی دژوار و بێوچانی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتانی ژێر چەپۆکە، بەتایبەت پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، دەسەڵاتە داگیرکارەکانی ناچارکرد دەست لە داگیرکاریی ڕاستەوخۆ هەڵبگرن. بەڵام وڵاتانی دەوڵەمەند و ناوەندی سەرمایەداری دنیا دوای ئەم ڕەوتی ڕامالین و „سڕاندنەوەی داگیرکاری“ هەروا زەخت و دەسەڵاتی ئابوری خۆیان بەسەر بەشێکی پان و بەرینی وڵاتانی دواکەوتوو درێژە پێدا. پێوەلکاوی وڵاتانی هەژار و بەستراوەییان بە ویست و پێداویستییەکانی سەرمایەی وڵاتانی دەوڵەمەند، خاڵی هاوبەشی هەر دوو

سەردەمی داگیرکاری و دەورانێکە کە وڵاتە داگیرکراوەکان سەربەخویی سیاسییان بەدەست هێنا.

ئەو دەسەڵاتی داگیرکارانە و ئیمپریالیستیە، ئابوریی وڵاتانی پەراوێزی بەجۆرێک شپرێو کرد و بەلاریدا هەڵیداشت کە نەیتوانی ڕیگەی سەربەخۆ ببڕێ و بەشێوەیەکی ئاسایی لە دەروونی خۆیدا گەشە بسێنێ. دادۆشین و دەرکێشانی سەروەت و سامانی وڵاتانی هەژار لە لایەن وڵاتانی دەسەڵاتداری ناوەند ـ بۆ کەڵەکەکردنی هەرچی زیاتری سەرمایە ـ هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ گرێدراوی و بەستراوەیی وڵاتانی هەژار کە هەتا ئەمرۆش هەر درێژەی هەیە. بەدوای هەرەس هێنان و داڕوخانی سیستمی داگیرکاری(استعماری) ئامرازگەلێکی نوێ پێویست بوون هەتا زاڵبوون و دەسەڵات بەسەر وڵاتانی هەژار هەروا درێژەی پێ بدرێ.

ئەمرۆ سندوقی نێونەتەویی پوڵ و بانکی جیهانی نمونەی ئەو ئامرازە نوییانەن و هەمان دەوری زۆرداری کردنیان لە ئەستۆیە کە زەمانێک هێزی نیزامی داگیرکەرەکان دەیانگێڕا. هەڵبەت هێشتاش لە هێزە نیزامییەکان بۆ سەپاندنی ئیرادە و ویستی ئیمپریالیستی کەڵک وەردەگیردرێ.

„جۆن رابینسۆن“ زۆر سادە و ساکار خۆدزەکردنی سەرمایە بۆ سەرانسەری جیهان، لەپێناو سەرکەوتنی گشتی سیستمی سەرمایەداری ئاوا بەیان دەکات:

«کەم کەس هەیە حاشا لەوە بکات کە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری بۆ ناوچە تازەکانی دنیا سەرچاوە و مەکۆی گەشە و ڕەونەقی گەورە و مەزنی ئەو دوو سەد ساڵەی دوایی بووە.»[8]

بەڵام ئەوجۆرە بڵاوبوونەوە کە لە زات و دەرونی سەرمایەدارییەوە هەڵدەقوڵێ، شەڕی بەردەوام و بەستنەوەی ئابوری وڵاتانی قەراغ، گویڕایەڵی بە ویستی پاوانخوازانەی کۆنسێرن و شیرکەتەکانی وڵاتانی ناوەندی

[8] Joan Robinson, introduction to Rosa Luxemburg, The accumulation of Capital (New York: Monthly Review Press, 1951) 28.



بەدواوەیە. ئەم بارودۆخە بەستێنێک دەخوڵقێنێ کە تێیدا بەشێکی زۆری دنیا لە هەلومەرجێکی گەلێک سەخت و نالەباردا بژین.